

# حەمدی

بۆ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێڵ و سوورە ئاسمان
گێژەڵووکەی نەگبەتە یا فیتنەیی ئاخر زەمان
هەوری قەهرە مەوجی دەریایی غەزەب دێنێتە جۆش
یا فیغان و دووکەڵی ئاهی هەناسە سەردەکان
رەنگی گوڵ بۆچی پەڕی بولبول دڵی بۆچی شکا
ناکرێ ئەوەل بەهاری شادمانی بێ خەزان
بەفرە باریوە لەسەر بەختی رەشی خاکی وەتەن
یا بەدەم شەستیرەوە مێشکی هەژارانە پژان
بۆ وەتەن زەرد هەڵگەڕاوە بەرگی سوورە شین ئەکا
رەنگە ئەشکالی شەهیدی بێ نەوامان دانیشان
وەک برێشکە قرچەقرچی جەرگی سک سووتاوە دێ
یا گوڕەی مەترەلۆز و قرمەقرمی تۆپەکان
ئەم هەموو لاوە نەمامن نێژران لەم باغچەیە
ریشەیی کوردایەتی بوو یەعنی بۆمان نێژران
جەژنی قوربانە سلێمانی بە مەزبەح دانرا

کورد مەڕن بۆیە بەجارێ هەر لەوێدا سەربڕان
یان کە ئیبلیسی عەلەیهللەعنە قاورمە بکا
کۆمەڵی ئینسان بەجارێ وا ئەبێ بکرێن لە جان
بۆ شەریفی کورد خەڵاتە هاتووە سەرتابەپێ
یا کەلەبچەی دەست و تەوقی گەردن و پێوەندییان
بۆچ مەغۆل هەڵساوە یاخۆ دەوری نەحسی جەنگیزە
قەتل و عامی ئەرمەنە یا حادیسەی ڕۆحی و بەبان
ناوی خۆی نابوو زەمانی میللەتی کورد خۆ ژیان
بۆچی بەستراوە زمانی وا دەبێ ئاخر ژیان
بۆ نەبوو قەت ئەهلی حاڵێ دەردەدارێ بۆ نییە
ئەم وقووعاتە چ بوو بۆچی کرا بیکا بەیان
جا وەتەن فەرمووی لە پەردەی سینەما وەک سینەما
سووڕەتی گیراوە فەرموو بۆت بکا یەکسەر عەیان
جارێ تەئریخی بنووسە جا بگۆڕە قافییە
تا بەیاناتم بنووسی لێت نەبێ حەرفێ نیهان
بێ هەزار ناوی سلێمانی بە تەئریخ (مشهد)ە
ئەم حیسابە عاقیبەت ڕۆژێ دەبێ بیکا زەمان
مەقسەدی ئەسڵی و ئەساسی هەر دوعاکەی پێشووە
ئێستە تیکراری بکە بەڵکە بکا مەبحەس ڕەوان
ڕەببێ مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەر کەسێ گوڵشەن بەدەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

٢

سوبح پێ ناکەنێ تا بێ نەوایێ شەو بە دڵ نەگری
گوڵێ نا پشکوێ تا بولبولی سوبحێ بە کوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باغی عالەم تا هەموو وەک یەک
بەیەک سۆز و بەیەک شۆر و بەیەک دەم چڵ بەچڵ نەگری